یاریزانی پێشووی عێراق باسل گۆرگیس تایبەت بە گوڵان

# هەنگاوی یانەی هەولێر هەنگاوێکی زۆر باشە
# کە بۆندی لەگەڵ یاریزانی پیشەگەر مۆکردووە

باسل گۆرگیس یەکێك بوو لە باشترین یاریزانەکانی عێراق لە هێڵی ناوەراست ئەو کات باشترین یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق بوو، باسل گۆرگیس لە ساڵی ١٩٦١ لە شارۆچکەی عەنکاوە لە شاری هەولێر لە دایکبووە، خێزاندارە، سێ کچی هەیەو نیشتەجێی کەندایە لە شاری تۆرنتۆ، ٩ ساڵ لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق یاری کردووە لە ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٩٠ لەم ماوەیە بەشداری چەندین پاڵەوانیەتی کردووە کە گرنکتریان جامی جیهانی ١٩٨٦ لە وڵاتی مەکسیك بوو هەروەها بەشداری لە چەندین ئۆڵۆمپیاد کردووە و پاڵەوانیەتیەکانی کەنداو و عەرەبی و چەندین پاڵەوانیەتی تر، دوای ئەوەی بە بانگهێشتی فەرمی یانەی وەرزشی هەولێر، باسل گۆرگیس گەیشتە شاری هەولێر، ئێمەش بە پیویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیە لەگەڵ سازبکەین.

دیمانە: رێبین رەمزی
rebin1985@yahoo.com






*** چۆن دەڕوانیە بواری وەرزشی عێراق؟**

- وەرزشی عێراق جیاوازییەکی زۆری هەیە لە نێوان پارێزگایەك بۆ پارێزگایەکی تر، بۆ نموونە وەرزش لە پارێزگای بەغدا پارچە پارچە بووە زۆر دواکەوتووە بەهۆی نەبوونی یاریگا و هۆڵەکان و نەبوونی سیستەمێکی گونجاو بۆ پێگەیاندنی یاریزانان کاتێك هاتمە هەولێر سەیری یاریگا و هۆڵەکان و چاوەم بە بەرپرسەکان کەوت و گوێم لێ ڕاگرتن دەرباری دواڕۆژی وەرزش، ئەمە بووە جێگەی دڵخۆشکەرە و مایەی شانازییە، ئەوەی ڕاستی بێت کاتێك گەیشتمە عێراق زۆر سەرسوومان بووم کە وەرزشی عێراقم بەم شێوەیە دێت .

*** بەشداریتان لە کۆنگرەیەك کرد لە شاری بەغدا، چ پێشنیارێکتان پێشکەش کرد بۆ پێشخستنی بواری وەرزشی عێراق؟**

- زۆر خاڵمان لەم کۆنگرەیە ئاڵوگۆڕ کرد وەکو بایەخ دان بە وەرزشی قوتابخانەکان کە بناغەی سەرەکییە بۆ پێشخستنی وەرزشی عێراق و چەندین خاڵی تر گەر جێبەجێ بکرێت ئەوە دەبێتە هۆکاری پێشخستنی بواری وەرزشی عێراق.

*** چۆن دەڕوانیە ئەم کێشەی ئێستای لە نێوان یەکێتی تۆپی پێ عێراق و لێژنەی ئۆڵۆمپی عێراق؟**

- خەڵکی عێراق زۆر حەزیان لە تۆپی پێیە ئەم کێشەیە دەبێتە هۆی کۆشتنی خەڵکی عێراق لە هەمان کاتدا کاریگەری لە یانەکانی عێراق و هەڵبژاردەکانی عێراق دەکات ئەمەش دەبێتە هۆی دواخستنی یاری تۆپی پێ لە عێراق، بۆیە هیواداریـن بە زووترین کات ئەم کێشانە چارەسەر بکەن و بەرژەوەندی عێراق بخەنە پێش چاوی خۆیان.

*** لە کام بوار حەز دەکەی کار بکەیت بواری ڕاهێنەرایەتی یاخود بواری کارگێڕی؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت حەز دەکەم لە بواری ڕاهێنەرایەتی کار بکەم، چونکە ئەمە بواری تایبەتی خۆمە وکارم لەم بوارە کردووە، هەندێك جار باس دەکرێت یاریزانی هێڵی ناوەڕاست دەبێتە ڕاهێنەرێکی باش لە دوا ڕۆژ.

*** چۆن دەڕوانیە دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر؟**

- دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر جێگای شانازییە، بە تایبەتی کە سەیر دەکەین کەسێکی لاو سەرۆکایەتی ئەم یانەیە لە ئەستۆی خۆی گرتووە و کار بۆ پێشخستنی یانەکەی دەکات، لە هەمان کاتدا یانەی هەولێر یاریگەی گونجاوی هەیە و هەموو شتێکی بۆ دابین کراوە، هیوادارم دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر لە کارەکانی بەردەوام بێت بۆ ئەوەی دەستکەوتی زیاتر بە دەست بهێنن.

*** چۆن دەڕوانیە ئەم هەنگاوی یانەی هەولێر کاتێك بۆندی لەگەڵ یاریزانی پیشەگەر مۆرکردووە؟**

- ئەم هەنگاوەی یانەی هەولێر هەنگاوێکی زۆر باشە کە بۆندی لەگەڵ یاریزانی پیشەگەر مۆکردووە، ئەمە هەموو یاریزانە عێراقیەکان سوودی لێ وەردەگرن و ئاستیان پێش دەکەوێ، زۆر شانازی بەوە دەکەین کە یاریزانی پیشگەر لە خولی عێراق یاری دەکەن، هیواداریـن ئەم هەنگاوە ببێتە پێشخستنی خولی پلە نایابەکانی عێراق لە دوا ڕۆژ.

لە کۆتاییدا باسل گۆرگیس خۆشحاڵی خۆی دەربری دوای ساڵانێکی زۆر دووبارە گەڕایەوە شوێنی باوك و باپیرانەی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی دەربارەی ئەم پێشکەوتنەی کە شاری هەولێر بەخۆیەوە بینیوە لەم چەند ساڵای ڕابردوو.



# میسی بەباشترین یاریزانی جیهان دەستنیشان کرا




هەفتەی رابردوو لە شاری زیوریخ پایتەختی سویسرا بە ئامادەبوونی چەندین کەسایەتی بەناوبانگی جیهان لــە بواری تۆپی پێ و بوارەکانی تر ئاهەنگی دەستنیشـــانکردنی باشترینەکانی جیهان بۆ تۆپی پێ ئەنجامدرا بە سەرپەرشـــتی یەکێتی تۆپی پێ جیهان فیفا خەڵاتەکانیش بەمشێوەی خوارەوە بوو.

**میسی باشترین یاریزانی جیهان**

یاریزانی بە توانای هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی بەرشلۆنە لیۆنێل میسی بە باشترین یاریزانی جیهان دەستنیشانکرا بە جیاوازیەکی یەکجار زۆر لەگەڵ کریستیانۆ رۆناڵدۆ کە بــە پلەی دووەم هات، دەستنیشـــان کردنی میسی چاوەروانکراو بوو چونکە یاریزانێکی بە توانایە ئەمســـاڵ خاوەنی ٦ پاڵەوانیەتیە لەگەڵ یانەی بەرشـــلۆنە و توانی لەگەڵ هەڵبـــژاردەی ئەرژەنتیـــن بگەنە مۆندیالی ٢٠١٠ لەگەڵ ئەمەشدا لە گشت یارییەکان ئاستێکی یەکجار سەرنج راکێشی پێشکەش دەکـــرد ئەمانە هۆکاری ســـەرەکی بوون لە دەستنیشـــان کردنی میســـی بۆ باشـــترین یاریزان، شان بە شانی میسی ٤ یاریزانی تر رکابەرییان لەســـەر ئەم نازناوە دەکرد ئەویش هەریەکە لە زاڤی و ئەنێســـتا و کریستیانۆ رۆناڵـــدۆ و کاکا بوون، دوای دەستنیشـــان کردنی بە باشـــترین یاریزانی جیهان لیونێل میسی لە لێدوانێکیدا گوتی: زۆر سوپاسی یانەی بەرشـــلۆنە دەکەم زۆر شـــانازی بەم خەڵاتە دەکـــەم ئەمەش بـــۆ ماندووبوونی هاورێکانـــم دەگەرێتەوە لـــە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی بەرشلۆنە.

بەمەش یاریزان لیونێل میسی دەبێتە یەکەم یاریزانی ئەرژەنتینی کە ئەم خەڵاتە دەباتەوە، ئەمـــەی خـــوارەوەش ریزبەنـــدی کۆتایی یاریزانەکانە.

١- لیونێل میسی بەرشلۆنە ١٠٧٣ دەنگ

٢- کریســـتیانۆ رۆناڵدۆ ریال مەدرید٣٥٢ دەنگ

٣- زاڤـــی هێرنانـدێـــز بەرشـــلۆنە ١٩٦ دەنگ

٤- ریکاردۆ کاکا ریال مەدرید ١٩٠ دەنگ

٥- ئەندریس ئەنێستا بەرشلۆنە ١٣٤ دەنگ

مارتا باشترین یاریزانی جیهان لەسەر ئاستی ئافرەتان

یاریزانی بــە توانای هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی لۆس ئەنجلۆس سول ئەمریکی مارتا بۆ جار چوارەم بە باشــترین یاریزانی جیهان دەستنیشان کرا ئەمەش دەستکەوتێکی زۆر گەورەیە بۆ ئەم یاریزانە کە تا ئێســتا کەس نیتوانیوە بگاتــە ئەم ژمارەیە، مارتا تەمەن ٢٣ ساڵە یاریزانێکی زۆر بە توانایە و خێرایە و لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکات.

## پێکهاتەی فیفا

پێکهاتەی فیفا لە باشــترین ١١ یاریزانی جیهان پێکهاتووە هەر یاریزانێك لە شــوێنی یاریکردنــی خۆی ئەمســاڵ زیاتر لە ٥٠ هــەزار یاریزان لە هەموو جیهان دەنگیان بۆ دەستنیشــان کردنی پێکهاتەی فیفا داوە کە یانەی بەرشــلۆنە کۆنترۆڵی ئەم پێکهاتەی کــردووە هەریەکــە لە ئەلڤێــس و زاڤی و ئەنیستا و میســی تێدایە، پێکهاتەی فیفا بەمشێوەی خوارەوەیە.

گۆڵچــی: ئیکر کاســیاس یانــەی ریال مەدرید

هێڵی بەرگری : ئیڤرا ( یانەی مانچستەر یۆنایتد) – جۆن تیری (یانەی چێڵســی) – فیدیتــچ (یانەی مانچســتەر یۆنایتد) – دانی ئەلڤێس (یانەی بەرشلۆنە)

هێڵی ناوەراست : جیرارد (یانەی لیڤەرپوول) – زاڤی (یانەی بەرشــلۆنە) – کریستیانۆ رۆناڵدۆ ( یانەی ریال مەدرید) – ئەنیستا (یانــەی بەرشــلۆنە) – میســی (یانەی بەرشلۆنە)

هێڵی هێرشــبەر: فرنانــدۆ تۆرێس (یانەی لیڤەرپوول)

## خەڵاتی بۆشکاش

خەڵاتی یاریزانی پێشووی تۆپی پێ فیرنێك بۆشــکاش دەدرێتە جوانترین گۆڵ لە ساڵی ٢٠٠٩ کە هەریەکە لە یاریزانان ( ئیمانوێل ئەدیبایۆر – مایکل ئیسیان – مکابی تتانیا – گرافیتی – ئەندریس ئەنیستا – لویس ئەنخێــل – مفیلا – کریســتیانۆ رۆناڵدۆ – فرنانــدۆ تۆرێس –نیلمار) دەستنیشــان کرابــوون، بەڵام لە کۆتاییــدا گۆڵ یاریزان کریستیانۆ رۆناڵدۆ بە تۆمارکردنی جوانترین گۆڵ لە ساڵی ٢٠٠٩ دەستنیشانکرا کاتێك لــە قۆناغی ٨ خولــی پاڵەوانانی ئەوروپا توانی لە دووری ٣٩,٦م بە خێرایی ٦٤,٢م لــە کاتژمێر گۆڵ تۆمار بــکات کاتێك لە یانەی مانچســتەر یۆنایتد یاری دەکرد ئەم گۆڵە بووە هۆکاری ســەرەکی سەرکەوتنی یانەی مانچستەر یۆنایتد بۆ قۆناغی پێش کۆتایی ئەم پاڵەوانیەتیــە، لە پلەی دووەم گۆڵ یاریزانی یانەی بەرشــلۆنە ئەندرێس ئەنیستا هات کاتێك لە یاری پێش کۆتایی گۆڵــی لە یانەی چێڵســی تۆمار کرد کە یانەی بەرشــلۆنە بەم گۆڵە سەرکەوت بۆ یــاری کۆتایی خولی یانــە پاڵەوانەکانی ئەورووپــا، لە پلەی ســێیەم گۆڵی یاریزان ئیمانوێل ئەدیبایۆر دەستنیشان کرا کاتێك لە خولی یانــە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لە یانەی ڤیاریال تۆمار کرد ئەم کات یاری بۆ یانەی ئەرسناڵ دەکرد، دوای وەرگرتنی خەڵاتەکەی یاریزان کریســتیانۆ رۆناڵدۆ گوتی: باوەرم نەدەکرد ئەمســاڵ هیچ خەڵاتێك وەربگرم، بەڵام ئەم خەڵاتە جێگای شانازییە بۆ من و زۆر خۆشحاڵم بە بەدەستهێنانی ئەم خەڵاتە مەزنە.

## یاری خاوێن

خەڵاتی یاری خاوێن بە یاریزان و راهێنەری پێشــووی کۆچکردوو ســیر بۆبی رۆبنسۆن درا، ئەم کەســایتیە بەناوبانگی ئینگلتەرە هەردەم بانگەشــەی بۆ یاری خاوێن دەکرد چ وەکو یاریزان چ وەکو راهێنەر، ئەم خەڵاتە لە جێگەی ســیر بۆبی روبنسۆن خێزانەکەی للیدی ئیســلی خەڵاتەکەی وەرگرت، سیر بۆبی رۆبنســۆن ئەم ســاڵ لە تەمەنی ٧٦ ســاڵی بەهۆی نەخۆشی ســەرتان کۆچی دوایکرد.

## باشترین یەکێتی تۆپی پێ لە جیهان

فیفا بە مەبەستی پێشخستنی بواری تۆپی پێ لە جیهان هەموو ساڵێك خەڵاتی تایبەتی بۆ باشــترین یەکێتــی تۆپی پــێ داناوە، ئەمســاڵ ئەم خەڵاتە درا بە یەکێتی تۆپی پێ چین ئەمەش بۆ ئەو پرۆگرامە گەورەیە دەگەرێتەوە کــە یەکێتی تۆپی پێ چین بە هاوکاری فیفا دارێشتووە بۆ ئەوەی یاریزانە لاوەکان لە چین سوودی لێ وەربگرن و تۆپی پێ چین پێشبکەوێت ئەم پرۆگرامە زیاتر لە ١ ملیۆن لاوی چین سوودیان لێ وەرگرتووە حکومەتی چیــن زیاتر لە ٦ ملیۆن دۆلار خەرجکردووە بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆگرامە. لــە کۆتایی ئاهەنگەکە ســەرۆکی یەکێتی تۆپــی پێ جیهانی ســیب بلاتر خەڵاتێکی تایبەتی دا رانیا عەبدوڵڵا-ی خێزانی پاشای ئوردن بۆ ئەم رۆڵە ســەرکی بۆ پێشخستنی بــواری خوێندن لە جیهــان و بایەخ دان بە منداڵانەی جیهان.








# ئاماوری بەرازیلی ئامادەیە درێسی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا لەبەربکا

هێرشبەری بەرازیلی و ئەستێرەی یانەی یۆڤانتسی ئیتاڵی ئاماوری گوتی: هەوڵ دەدەم بەشداری لەگەڵ هەڵبـــژاردەی ئیتاڵیا بکەم لە مۆندیالی داهاتـــوو دوای ئـــەوەی رەگەزنامەی ئیتاڵی بە دەســـت بهێنم و داواش لەوانە دەکەم کە بەوشـــتە نارازیین رێـــز لە بڕیارەکەم بگـــرن، دەزگاکانی راگەیاندن لەســـەر زاری ئاماوری بڵاویانکردووە کە ماوەی دوو ســـاڵە لەو هەوڵەی بەردەوامە بۆ ئەوەی رەگەزنامەی ئیتاڵی وەربگرێ و لە ریزی ئەو هەڵبژاردەیە یاری بکات، هێرشـــبەری یانەی ســـامبدۆریا جیامباولۆ باتســـینی دوای ئەوەی بەشـــداری یاری دۆستانەی هەردوو هەڵبژاردەی ئیتاڵیـــا و هۆڵەندەی کرد و گوتی هەســـت بە نیگەرانیەکـــی یەکجـــار زۆر دەکەم کە بیســـتم ئاماوری بەنیـــازە رەگەزنامەی ئیتاڵی وەربگرێ و بۆ وڵاتەکەی یاری بکات، هەروەها گوتی هەر یاریزانێـــک گەر هاتوو یەکێك لە دایك و باوکی ئیتاڵی بـــوو مافی خۆیەتی بەشـــداری لەگەڵ هەڵبـــژاردەی ئیتاڵیا بکات بۆیە حەز ناکـــەم ئامـــاوری بێتە ریزی هەڵبژاردەی وڵاتەکەم چونکە ئەو نیشانانەی لێ بەدی ناکرێ، ئاماوری تەمەن ٣٠ ســـاڵی دەڵێ لـــە هەوڵی خۆم بەردەوام دەبم دوای ئەوەی بڕیارە لە مانگی ئادار رەگەزنامە و پاسەپۆرتی ئیتاڵی وەربگرم و لە ریزی ئەو هەڵبژاردەیە یاری بکەم کە دەتوانێ لە دوایین یاری دۆستانە بەشداری بکات بۆ خـــۆ ئامادەکردن بـــۆ کۆتاییەکانی مۆندیال، جێگەی باســـە یاسایی ئیتاڵی رێگا بە ئاماوری دەدات کە رەگەزنامەی ئیتاڵی وەربگرێ چونکە هاوسەرەکەی ئینتیا کۆسینی لە بەرازیل دایکبووە و بە بنەڕەت خەڵکـــی ئیتاڵیایە، ئاماوری دەڵێ رێز لە رای خەڵك دەگرم و پێویستە خەڵکیش رێز لە رای من بگرێ و تا ئێستا لەگەڵ مارسیلۆ لیپی بەڕێوەبەری هونەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و هیچ کەسێکی دیکە باسی ئەو مەسەلەیەم نەکردووە و چاوەڕێی ئەوەم کە رەگەزنامەکەم وەربگـــرم ئینجا گـــەر راهێنەر لیپـــی داوای کـــردم ئەوە بە تەئکید داواکـــەی قەبووڵ دەکەم ئێســـتا بیر لە هیچ شتێك ناکەمەوە تەنیا یانەی یۆڤانتس نەبێ، لیپی لەمباریەوە گوتی: تا ئێســـتا بیرم لە کاسانۆ و ئاماورۆی نەکردۆتەوە بۆ ئەوەی بانگهێشتی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا یان بکەم.










## دوای راگرتنی ت...
## پێویستە دەستی یارم...

یاریزانـــی نێودەوڵەتی فەرەنســـی و یانەی بەرشـــلۆنەی ئیســـپانی تیـــری هینری پێویســـتی بەوە هەیە کە دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکرێت و لە تەنگەژەی ئێســـتای رزگای بێت دوای ئەوەی تۆپی بە دەســـت راگرت گۆڵی تۆمارکرد بەم گۆڵە فەرنسا گەیشـــتە مۆندیالیان ٢٠١٠ی باشووری ئەفریقیـــا، هینری خاوەن کەســـایەتیەکی بەهێزە بـــە تایبەتی لـــە ئینگڵتەرە دوای ئەوەی ماوەیەکی یەکجار زۆر لە ئەرسناڵ یاریکردووە زۆر نازناوی بە دەستهێنا.

**هێورکردنەوەی کەش و هەوا**

راهێنـــەری پێشـــووی تێـــری هینری لە یانەی ئەرســـناڵ ئارســـن ڤینگەر هەوڵی ئەوەی دا کە کەش و هەواکە هێور بکاتەوە و پاڵەپەستۆ لەســـەر هینری کەم بکاتەوە گوتی: بەشـــێوەیەکی گشتی و وەرزش بە شێوەیەکی تایبەتی پڕیەتی بەو پاڵەوانانەی کـــە بە دەیان جار زیاتر لـــە تیری هینری فێڵیان کردووە لەوانـــە کڕینی ناوبژیوان و خواردنـــی دەرمانی بێهۆشـــکەر کە ئەوانە فێڵیکەرن و خەڵـــك هەڵدەخەڵەتێنن، تێری هینـــری یاریزانێکـــی خۆڕەوشـــت بەرز و خاوەن کەسایەتیەکی بەهێزە بۆیە بەراستی نازانم کە ئێستا تووشی ئەم هێرشە دڕندانە هاتووە لە لایـــەن دەزگاکانی راگەیاندن کە








# بیدرۆ بە ئاواتی نوێکردنەوەی بۆندی گواردیۆلایە

ئەستێرەی نوێی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی بیدرۆ هیوای ئەوەی خواست کە یانەی بەرشلۆنە بۆندی راهێنەر گواردیۆلا نوێ بکاتەوە و گوتی: بەڕاستی گەر هاتوو لە وەرزی داهاتوو گواردیۆلا لە یانەی بەرشلۆنە نەمێنێ ئەوە کێشە بۆ گشتمان دروست دەکات، بیدرۆ زیاتر گوتی گواردیۆلا زۆر شتی فێرکردم لەوانە جولانەوە لە یاریگا متمانە بەخۆم لە یاریکردن،



بیدرۆی تەمەن ٢٢ ساڵی کە لەم وەرزە دا زیاتر لە ٩ گۆڵی تۆمارکردووە هەستی چاودێرانی بۆخۆی راکێشاوە کە دەتوانی بە سەرکەوتوویی لە هەردوو باڵەکان یاری بکات، ئەم یاریزانە لە لایەن دیل بۆسکی راهێنەر کاندید کراوە کە بەشداری لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا بکات لە مۆندیالی ٢٠١٠ی داهاتوو بیدرۆ لە زۆربەی کات باس لە ئاستی گواردیۆلا دەکات و دەڵێ راهێنەرێکی نایاب و ئاست بەرزە و دەبێ بۆ ماوەی چەندین ساڵی دیکە لەو یانەیە بەردەوام بێت، جێگەی باسە بۆندی گواردیۆلا لە یانەی بەرشلۆنە لە حوزێرانی ساڵی داهاتوو تەواو دەبێت، گواردیۆلا حەز ناکات بۆندەکەی نوێبکاتەوە تابۆی روون نەبێتەوە کێ جێی سەرۆکی ئێستای بەرشەلۆنە خوان لاپۆرتا دەگرێتەوە.



# ـۆپ بە دەستی هێنری
# ـەتی بۆ درێژ بکرێت

خۆی دانی بە هەڵەکەی ناوە و بۆ چەند جارێك لە دەزگاکانی راگەیاند و لە کاتی تەواوبوونی یارییەکە باسی لێوەکردووە.

### هێنری راستگۆیە، بەڵام

کاپتنی هەڵبژاردەی ئێرلەندە ریتشارد دان گوتی: دوای تەواو بوونی یاری هینری هاتە لامان گوتی من تۆپم بە دەست راگرت و پێش ئەوەی گۆڵ تۆمار بکەین و دانی بەوەشنا کە فێڵی لە ناوبژیوان و جەماوەر کردووە بۆیە من دەڵێم ئێمە شایستەی ئەوە بووین لە شوێنی فەرەنسا بەشداری مۆندیال بکەین هینری داوای لێبوردنی نەکرد، بەڵام گوتی راستە تۆپم بە دەست راگرت و گۆڵمان تۆمار کرد، ئەمە تۆپی پێی هیچمان لە دەست نایەت بیکەین ئەنجامەکە وەکو خۆی مایەوە و فەرنساش گەیشتە مۆندیال.

### تۆمارێکی باش، بەڵام

هینری لە ژیانی پیشەگری تووشی چەندین هێرش بووە سەرەڕای ئەوەی چەندین نازناوی گرنگی بە دەستهێناوە کە یاریزانانی فەرەنسی بە دەستیان نەهێناوە، یەکەمین یاریزانە بۆ جاری چوارەم بەشداری مۆندیال بکات، هێنری ٣٢ ساڵی خاوەنی ژمارەی پێوانیە لە گۆڵ تۆمارکردن لە ریزی هەڵبژاردەی فەرنسا کە ١١٧ گۆڵە.